# پرسی کورد و تەرازووی هێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

Ioannis Michaletos

**2007/11/3**

و: سیار محەمەد ساڵح

## دیمەنێکی گۆڕاو

**تەنگژەی هەنووکەی ئێرانی، کە بەهۆی کەلکەلەی نەوەوییەوە هاتۆتەپێش، بەچەندین فاکتەری دی سیاسی، ئابووری و جیوپۆلەتیکییەوە بەستراوە. بوونی "نەتەوە"ی کورد فاکتەرێکی سەرەکییە، کە کەمینەیەکی بەژمارە گەورەی کورد لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران، هەروابێتەوە لە دەوڵەتە هاوسێیەکانی عێراق، تورکیاو سوریادا، هەیە.**

**لە ئاداری 2003ەوە و دوابەدوای هێرش و پەلاماری ئەمریکا بۆ سەر عێراق، پێوەندیی نێوان تورکیا، سوریاو ئێران تا ڕادەیەکی زۆر ئاسایی بۆتەوە. پشتەوانی نەکردنی تورکیا لە شەڕی عێراق، هەنگاوێکی یەکلاکەرەوەی گۆڕانی واقیعی دیپلۆماسیی لەمێژینەی ناوچەکە بوو.**

**لە سەرەتای ئاداری 2003دا، پەرلەمانی تورکیا ڕێگەی بە سوپای ئەمریکا نەدا خاکی ئەو وڵاتە دەعەمەل بێنێ. ئەم بڕیارە ئیدارەی ئەمریکی ڕاهەژاندو زیانی لە پێوەندیی نێوان ئەو دوو وڵاتە دا. تورکەکان نا سەرکەوتووانە هەوڵیاندا لەگەڵ ئەمریکییەکاندا وتووێژ بکەن بۆ هاریکاریی باشترو دیماهییەکەی تورکیا ڕازی بوو فەزای ئاسمانی وڵاتەکەی بەکار بهێنرێ. فیرقەی 4ی پیادە (هی ئەمریکا- وەرگێر)، کە دەبوایە لە تورکیاوە هێرش بێنێ بۆ ناو باکووری عێراق، گوێزرایەوە بۆ باشوورو بۆ جەنگان لە ناوچەیەکدا کە پێشتر خۆی بۆ ئامادە نەکردبوو. دوور لە کاری لۆجستی زۆروزەوەند، ئیدارەی ئەمریکی زۆر بەو هەڵوێستەی ئەو هاوپەیمانە نەریتییەی، قەڵس بوو، ئەمەش خاڵێکی وەرچەرخان بوو کە دواتر پێوەندیی نێوان ئەو دوو دەوڵەتەی لە زۆر بواردا لێکهەڵبوارد.**

**لە ناوەڕاستی 2004دا، سەرۆکوەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئۆردوگان چووە سوریا، ئەو دوو وڵاتە زنجیرەیەك ڕێککەوتننامەی بازرگانی و ئابووریيان لەگەڵ یەکدی مۆرکرد. لەوەش زێتر، یەکەمینجار بوو، تورکیا سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی ئاوی ڕوباری فورات کە بۆ ئابووریی سوریا زیندەگییە، فشاری نەهێنا. بەربەستی ئاوی تورکیا، بەربەستی ئەتاتورك، لە واقیعدا کۆنترۆڵی ئاوی ڕوبارەکەی کردووەو نمونەیەکی ڕێکنەکەوتنی نێوان هەردوو وڵات بووە لە نۆهەتەکانەوە. شایانی گوتنە دانپێدانانی ناراستەوخۆی دیمەشقە بەدەوڵەتبوونی "باکوری قوبرس"، لەم مانگەی دواییدا سوریا ئەو پەساپۆرتانەی قەبووڵ بووە کە تورکەکانی قوبرس دەریانکردووە، ئەمەش حەزو ئارەزووێکی لەمێژینەی تورکیا بووە. لە دیماهیشدا زانیاریی جییا-جیا هەیە کە تا ئێستا ساغ نەبۆتەوە، گوایا تورکیا لە شەڕی 34ی ڕۆژەی حزب الله لە باشووری لوبنان، لە هاوینی 2006دا، چەك و چۆلی بەو حزبە داوە. بەگوێرەی ئەو زانیارییە، دوو فڕۆکەی ئەلیۆشنی ئێرانی لە فڕۆکەخانەیەکی تورکی نیشتونەتەوە، چەکوچۆلیان لێ بەتاڵ کردووە کە قازیفەی دژە تانکی (کۆنیت-ئی) بەدناویان تێدابووە و زەرەرو زیانی زۆریان پێ لە تانکەکانی جۆری مەرکاڤای ئیسرائیلی داوە. دەڵێن ئەو چەکانە بە لۆرییان لە ڕێگەی سنووری سوریاوە گوێزراونەتەوە بۆ شەڕکەرەکانی حزب الله.**

**پێوەندیی تورکی-ئێرانیش زۆر لە تێوەگلانی ئەمریکا لە عێراق زۆر سودمەند بووە. کاریگەریی پەلامارەکە تا ئەو مەودایە بووە کە رادیکالیزەکردنی هەندێ توخمی ئیسلامیی ناو کۆمەڵگەی تورکی و بەرەو سەرچوونی ئەو مەترسییەی لێبکەوێتەوە کە دۆزی کورد لەدژی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ولاتەکە چارەسەر بکرێ. لە سەرینی ئەمەوە، هەماهەنگی لە نێوان دیمەشق، تاران و ئەنقەرە هاتە گۆڕێ. هەڵبەت، ئەمەش هیچ شتێك ناگەیەنێ چ زۆر چ کەم، بێ لە جولەو بزافتی تاکتیکی ئەو سێ ولاتە، هاوشانی پەرەسەندنەکانی ناو عێراق و ناوچەی کوردی.**

**لەوەش زێتر، بۆ نزیك کەوتنەوە لە سەمت و تەوژمە گشتییەکانی ناو جیهانی ئیسلامی، حکوومەتی تورکیا لە تەوەرەی "ئیسرائیلی-تورکی" خۆی دووردەخاتەوە کە لە ساڵی 1996-ەوە لە لایەن ولاتانی جیهانی ئیسلامی وای پێی گوتراوە. لە 2005دا، سەرۆکوەزیرانی تورکیا لە سەردانێکی ناوچە فەلەستینینشینەکاندا، گوتی فەلەستینییەکان بەهۆی سیاسەتەکانی ئیسرائیل، لە زیندانێکی گەورەدا دەژین. لە شوباتی 2006دا، هەیئەتێکی نوێنەرایەتی تازە هەڵبژێردراوی حکوومەتی (حەماس) سەردانی ئەنقەرەی کرد، ئەم بزاوتە ئیسرائیلی زۆر توڕەو پەستکرد، بەلام ئێران بەگەرمی وەریگرتەوە. دیماهییەکەی، لە دوو ساڵی رابردوودا، ئەنقەرەو تاران چەندین (صفقە)ی بازرگانییان ئیمزاکردووە لەوانە هەناردنی گازی سروشتیی ئێرانی بۆ بازاری تورکی.**

**<u>دۆزی کورد</u>**

**لە شەری یەکەمی کەنداوەوە لە 1991، پەیکەرو دیمەنی قەوارەی خۆبەڕێوەبەری کوردی، دەوڵەتی تورکیای ترساندووە کە رێوشوێن و میتۆدی جیاواز بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاربهێنێ. لە هەندێ بواردا، تورکیا یاریدەی هەردوو رێکخراوە کوردییە گەورەکەی داوە: پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کلکەسۆتە (تملق)ی بۆ کردوون. شایانی گوتنە سەرچاوەی جیا-جیا ئاماژە بۆ بازرگانیی بە.... دەکەن کە ئەو گروپانە بە هاوکاری هێزە نیمچە سەربازییەکانی تورکیا ئەنجامیان داوە. ترسی هەمیشەی تورکیا، لە پارتی کرێکارانی کوردستانی نیمچە مارکسی- ناسیۆنالیستییە کە عەبدوڵلا ئۆجالان سەرکردایەتی دەکا و ئۆپەراسیۆنی گەریلانی مەودا فرەوانی دژی سوپای تورکیا جێبەجێکردووە کە لە نۆهەتەکاندا چالاك و بەتاو بوو بەتایبەتی لە نێوان 1994-1997دا. لە 1999دا، ئۆجالان، لە نایرۆبی، لە کینیا گیرا پاش پلانێکی جاسوسیی نێودەوڵەتیی شەش مانگە کە موخابەراتی یۆنانی، تورکیی، ئەمریکی، ئیتالیی، روسیی و لەوانەیە ئیسرائیلیش دەستیان تێدا هەبووە.**

**لەنێوان 1999-2003دا، وتووێژی بەردەوام لەنێوان تورکیا، پارتی و یەکێتیدا هەبووە سەبارەت بە ئایندەی باکووری عێراق، کە تیایدا ئەنقەرە بە لێبراوانە گوتویەتی بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی لە ناوچەکە – ریسێرڤەرە نەوتییەکانی- بۆ بیستەکان دەگەڕێنەوە، کاتێ کە تورکیا نەشیا بڕوا بە بەریتانیا بهێنێ کە کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات. تەواوی عێراق، لە راستیدا تا 1918 لەبندەستی ئیمپراتۆریای عوسمانلی دابوو، لە بەشی هەرە زۆری سەدەی بیستەمدا تورکیا ئەو ئیدعایەی خۆی هەر دەکرد.**

**رێکنەکەوتنی تورکیا- ئەمریکا، فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بوو لە بەرەوپێشچوونی رۆڵی کوردان وەکو هاوپەیمانێکی دڵسۆزی ئەمریکی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. لە راستیدا کوردەکان لە عێراقدا هەم دژی رژێمی سەدام حسێن جەنگابوون و هەم زۆریشیان بەدەستیەوە چەشتبوو. لە ئۆکتۆبەری 2003دا، میلیشیای کوردی (مەبەست پێشمەرگەیە- وەرگێر) رێگەیان نەدا سەربازانی تورکی بێنە ناو عێراق، ئەوە ئاماژەیەکی روون بوو کە پێشمەرگە کۆنترۆڵی ناوچەیەکی هەرە گرنگیی ستراتیجی و دەوڵەمەند بەنەوتیان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا کردووە.**

**فاکتەرێکی تری کاریگەر لە سیاسەتی کوردی، ئیسرایلە. دەوڵەتی ئیسرائیل بەگوێرەی ناکۆکی و دژایەتی لەگەڵ سوریاو ئێراندا بەرژەوەندی لە ناوچەکەدا هەیە و وێدەچێ یاریدەی کوردەکان بدا وەکو مەتەرێزێك لە بەردەم ئاوات و ئامانجەکانی ئێراندا. لە ئەیلوولی 2006دا، بی بی سی ئەوەی وروژاند کە ئۆپەراسیۆنی راهێنان و مەشقپێکردنی دژە تیرۆریستی و ئامادەکاریی ئەمنیی**

**کوردی، بە رادەیەکی مەزن لە لایەن راهێنەرانی ئیسرائیلییەوە بەرێوەدەچێ. ناکرێ ئەوە بخرێتە لاوە کە ئەگەر شەڕ لە دژی ئێران بەرپا ببێ، تاکە هاوپەیمانی ئیسرایل، بێ لە ئەمریکاییەکان، لەوانەیە جەنگاوەرە کوردە چەتوون و ئازاکان بن کە شارەزایی باشیان لە شەڕی ناوشاخان و خیبرەو تاقیکردنەوەیەکی بنەڕەتییان لە ناوچەکانی سەر سنووری نێوان عێراق و ئێراندا هەیە. پێویست ناکا بگوترێ، تێوەگلانی ئەمریکایی- ئیسرایلی نفووزی تورکی کەمدەکاتەوەو پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئالۆز و پالۆز دەکات.**

**نەتەوەی کورد تاکە نەتەوەیەکی بەرچاوە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا کە (ئەقلیمی) نیشتمانی دانپیانراوی خۆی نییە، لە مێژووی درێژی خۆیدا بەسەر یەکەگەلی (وحدات) نیشتمانی تردا دابەش بووە. کۆنترۆلکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکا و روخاندنی رژێمی سەدام حسێن چوارچێوەیەکی پێویستی بۆ کوردەکان هێنایە کایەوە کە تیایدا پلان دانێن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی سەربەخۆیی. پشتەوانیکردنی کوردان لە ماك و کێشەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا و تاقیکردنەوەی سەربازیی کوردان لە شەری پارتیزانیدا ئەو ولاتانەی زۆر نیگەران کردووە کە کەمینەی گەورەی کوردیان تێدایە. وێدەچێ نەخشەکانی ئەمریکا ئێستا پتەوکردنی ئامانجەکانی کوردان بێت، چونکە سەربەخۆییەکی کوردیی رێ تێچوو، ولاتێك دێنێتە کایەوە کە تەواو لە ژێر نفووزی ئەمریکادا بێ لە ناوەراستی ناوچەیەکی هەرە گۆڕاوی جیهاندا. لەوەش زێتر، کەمینەی کوردی لە ئێران ئاستێکی فشار لەسەر تاران بۆ ئەمریکییەکان دروست دەکا. لەلایەکی دیکەوە، ئەم گریمانانە کار لە هەڵوێستی تورکیا دەکەن سەبارەت بە پێوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپی و رۆژئاوا بەگشتی. ئیدی ئەگەر تورکیا روبەروی ئەگەری بزاوی گەریلایی زێدەتر بێتەوە لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتدا، ئەوا پێوەندیی بەهێزتر لەگەڵ سوریاو ئێران دەبەستێ کە بەدەوری خۆیانەوە گرفت و کێشەیان لێدەکەوێتەوە لە پێوەندیی لەگەڵ رۆژئاوا و ئیسرایل – ئەم بازنە سیاسییە سەختە بەئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێ یان لەگەڵیدا هەڵناکرێ.**

**بەگشتی، لەگەڵ ئەو هێرشە تورکیایە ئێستا-نائێستا روو بەدەرەوەیە بۆ سەر باکووری عێراق و بەرەوخراپ چوونی پێوەندییەکانی ئێران- رۆئاوا، دۆزی کورد وەکو بەرمیلێکی بارودە کە دەشێ سەرلەبەری ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئاگر تێ بەردا، ئەمەیش مسۆگەر لە رۆژان، حەفتان و مانگان و سالانی داهاتوودا دەبێتە سەردێر و سەرباسی جیهانی. هەروا دروستە گریمانەی ئەوەش بکەین کە لە ناوچەیەکی وا گرینگی وەکو رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، هەر پەرەسەندنێك بێگومان لك و پۆپی لەسەر ئاستێکی فراوانتر لێدەبێتەوە. ئەوروپا بەتایبەتی دەبێ پلان و نەخشەی لەناکاوی خۆی هەبێ و بە تەواوی خۆی ئامادە بکا بۆ هەر ئاکام و دەرەنجامێکی لەگینە – لەم بارەدا، کۆچێکی بەکۆمەڵی دیکەی خەڵکی بێ ئومێد لە رۆژهەلاتی ناوەراستەوە بۆ ئەوروپا، هاوجووت لەگەڵ قاچاخچێتیی ماددەی بیهۆشکەر.**